

**مـــاچ       ... هۆنراوەی شـــــــالاو**

گوایە بیرم ئەخەیتەوە
ئەو ساتانەی لەگەڵ یەکتر
وەکو ماسیو دەریا  وابووین
نەمن بێ تۆو نەتۆش بێ من
هەر بەجەستە لێك جیا بووین
تۆ نووسیوتە
ئەو ڕۆژەی کەلێك  دابڕاین
بۆ یەکتری چەندە گریاین
ئەو ساتەی منت بـــە جێهێشت
خەندەم لەگیانی خۆمـــدا نێشت
بـــەڵێ گوڵم ...
مـــن ئەمانەم  بیر نەماوە
دەردی دووری و تەنیای خۆم
وای لێکـــــــردووم
زورجار ناوی خۆم بیر ئەچـــێ
بەڵام ئەوساتەم لەبیرە
کاتێ جێمهێشتی و تۆگریای
منیش دەستم دەکەوت ماچـــێ ...

..........................................

www.shallaw.info.se